An Roinn Leanaí, Comhionannais,
Míchumais, Lánpháirtíochta agus Óige
Department of Children, Equality,
Disability, Integration and Youth

**خزمەتگوزارییەکانی شوێنی حەوانەوە بۆ پاراستنی نێونەتەوەیی (IPAS)**

# ڕێکار و یاسا ناوخۆییەکان بۆ سەنتەرەکانی پێشوازیی سەرەتایی و کامپەکانی پەنابەران

**خزمەتگوزارییەکانی شوێنی حەوانەوە بۆ پاراستنی نێونەتەوەیی**

# ڕێکار و یاسا ناوخۆییەکانی کامپەکانی پەنابەرانی IPAS

# پێداچوونەوەی دیسەمبەری 2022

# ناوەڕۆک

لاپەڕە


| | | |
|---|---|---|
| 4 | پێشەکی | |
| 7 | پێشەکییەکی گشتی | |

ڕێکار و یاسا ناوخۆییەکان، لەوانە:

| | | |
|---|---|---|
| 13 | خزمەتگوزارییەکان | :بەشی 1 |
| 17 | یاسا ناوخۆییەکان | :بەشی 2 |
| 30 | بەرگری و پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە | :بەشی 3 |
| 33 | ڕێکاری سکاڵاکردن و پێداچوونەوە/تێهەڵچوونەوە | :بەشی 4 |
| 44 | فۆڕمی سکاڵای فەرمی (لەلایەن نیشتەجێبووەوە بۆ بەڕێوەبەری سەنتەرەکە) | :پاشکۆی 1 |
| 46 | فۆڕمی سکاڵای فەرمی (لەلایەن نیشتەجێبووەوە بۆ IPAS) | :پاشکۆی 2 |
| 48 | پلانی 7 ئاگادارینامەی تێهەڵچوونەوە بە پێی دەستوورەکانی کۆمەڵە ئەوروپییەکان (ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی)-ی 2018 | :پاشکۆی 3 |

# پێشەکی

**ئەو یاسا ناوخۆییانەی لەنێو ئەم نامێلکەیەدا خراونەتە ڕوو بەپێی دەستووری 25 لە دەستوورەکانی کۆمەڵە ئەورووپییەکان (ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی)ـی 2018 پێک هێنراون. ئەم دەستوورانە لە 30ـی مانگی جوونـی 2018ـدا کارا کران و ستانداردەکانیان دەستنیشان کرد بۆ جێکردنەوەی داواکارانی پاراستن لەو ماوەیەدا کە پێداچوونەوە بۆ داواکارییەکانیان دەکرێت.**

### ئەم نامێلکەیە بۆ کێیە؟

ئەم نامێلکەیە بۆ داواکارانی پاراستنی نێونەتەوەیی[1]یە کە لە سەنتەرەکانی پێشوازیی سەرەتایی یان کامپەکانی پەنابەرانـی دابینکراو لەلایەن IPASـدا دەمێننەوە، هەروەها بۆ مەبەستی زانیاری بۆ ئەو کارمەندانەی کە ئەم ناوەندانە بەڕێوە دەبەن.

باسی ئەو شتانە دەکات کە تۆ وەکوو داواکارێک پێویستە سەبارەت بە مانەوەت لەم سەنتەرەدا بیانزانیت. ئەمانە لە خۆ دەگرێت:

- ئەو خزمەتگوزارییانەی کە سەنتەرەکە پێشکەشی دەکات؛
- ئەو یاسایانەی کە دەبێت بەرچاویان بگریت؛
- بەرگری و پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە و
- چۆن سکاڵایەک تۆمار بکەیت تاکوو کێشەکان بەشێوازێکی دادوەرانە و خێرا چارەسەر بکرێن.

---

[1] لەم نامێلکەیە و یاسا ناوخۆییەکاندا، زاراوەی "داواکاری پاراستنی نێونەتەوەیی" بە مانای وەرگرێک لە چوارچێوەی پێناسەکانی دەستوورەکانی کۆمەڵە ئەورووپییەکان (ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی)ـی 2018ـدا بەکار دەهێندرێت..

## خزمەتگوزارییەکانی شوێنی حەوانەوە بۆ پاراستنی نێونەتەوەیی (IPAS) چییە؟

دەستوورەکانی کۆمەڵە ئەورووپییەکان (ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی)ـی ساڵی 2018 (لەمەوبەدوا دەڵێین "دەستوورەکان") ئەو ڕەوشە ماددییانەی پێشوازیی سەرەتایی (شوێنی نیشتەجێبوون، خۆراک، جلوبەرگ و مووچەیەکی خەرجیی ڕۆژانە) دەستنیشان دەکات کە بۆ داواکارانی پاراستنی نێونەتەوەیی بەردەست دەبن. بەپێی دەستوورەکان، کامپ (شوێنی حەوانەوە) تەنیا بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە پارەی پێویستیان نییە تاکوو ئاستێکی گونجاو لە ژیانێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان فەراهەم بکەن.IPAS بەرپرسیارە بۆ دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی بۆ داواکارانی پاراستنی نێونەتەوەیی لە سەنتەرەکانی هاوشێوەی ئەوەیان کە تۆ تێیدا نیشتەجێیت.

## جیاوازی نێوان IPAS و بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکان چییە؟

- IPAS بەشێکە لە وەزارەتی منداڵان، یەکسانی، کەمئەندامان، پێکەوەژیان و لاوان.
- سەنتەرەکان لەلایەن کۆمپانییە تایبەتەکانەوە بەڕێوە دەچن کە گرێبەستیان لەگەڵ IPASـدا هەیە.

## ئایا ئەم یاسا ناوخۆییانە تاکە ڕێگای پاراستنی مافەکانتن؟

نا. دەستوورەکان بازنەیەکی بەربڵاو لە کێشەکانی پەیوەست بە دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی بەڕێوە دەبەن. دەستوورەکان ئاماژە بە ئەو یاسا ناوخۆییانە دەکەن کە دەبێت کاتێک دانیشتووی شوێنێکی حەوانەوەی IPASـیت، سەرنجیان بدەیتێ. ئەم دەستوورانە بە کرتەکردن لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:

https://www.irishstatutebook.ie یان

http://www.irishstatutebook.ie/eli/2018/si/230/made/en/pdf بەردەستن.

ئەم یاسا ناوخۆییانە هەروەها تەواوکەری سیاسەت و ڕێکارەکانی دیکەی IPASیشن کە بۆ پاراستنی نیشتەجێبووان و چاودێریکردنی بەڵێندەرەکانن، لەوانە:

- سیاسەتەکانی توندوتیژی خێزانی و گێچەڵی سێکسی
- سیاسەتەکانی تەندرووستی و پاراستنی منداڵان
- سیاسەتەکانی لێکۆڵینەوەکانی گاردا؛
- کلینیکە "ڕاستەوخۆ"ـکانی IPAS کە تێیاندا نیشتەجێبووان دەتوانن ڕاستەوخۆ و بەبێ هەبوونی کارگێڕی پەیوەندییان لەگەڵ کارمەندانی IPASـدا هەبێت، هەروەها
- "ڕێساکانی هەڵسووکەوتکردن"ـی IPAS بۆ ئەو کەسانەی لە سەنتەرەکاندا ئیش دەکەن
- IPAS هەروەها پرۆسەیەکی پشکنینیشی هەیە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئەو ئەرکانەی گرێبەستی لەسەر کراوە جێبەجێ دەکرێن

زانیارییەکان سەبارەت بەم سیاسەت و ڕێکارانە لەسەر ماڵپەڕی IPAS بەردەستن – www.gov.ie/ipas

## چۆن دەتوانم پەیوەندی بە IPASـەوە بکەم؟

**دەتوانی ئیمەیل بنێریت بۆ IPAS بۆ ناونیشانی:** ipasinbox@equality.gov.ie

**دەتوانیت نامە بنێریت بۆ IPAS بۆ ناونیشانی:**

International Protection Accommodation Services,
Department of Children, Equality, Disability, Integration and Youth,
Miesian Plaza,
Lower Baggot Street,
Dublin 2.

# پێشەکییەکی گشتی بۆ سیستەمی پێشوازیی سەرەتایی

IPAS دەیەوێت پێشوازیتان لێ بکات بۆ ئەم سەنتەری پێشوازیی سەرەتایی یان کامپی پەنابەرانـە. ئەم ناوەندە بە نوێنەرایەتی وەزیری منداڵان، یەکسانی، کەمئەندامان، پێکەوەژیان و لاوان شوێنی حەوانەوەت بۆ دابین دەکات. ئەمە ماڵی تۆ دەبێت لەو ماوەیەدا کە داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێونەتەوەیی پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

تێدەگەین ئەم ماوەیە دەکرێت چەندە سەخت و قورس بێت. لە ماوەی مانەوەکەتدا ئێمە و کارمەندانی سەنتەری پێشوازیی سەرەتایی یان کامپی پەنابەرانـەکە تا بکرێت یارمەتیدەر دەبین.

**<u>ئەمانەی خوارەوە زانیاریی سەنتەرەکەتن:</u>**

ناوی سەنتەر: ______________________________

ناونیشانی سەندەر: ______________________________

ژمارە تەلەفۆن: ______________________________

بەڕێوەبەری سەنتەرەکە: ______________________________

## ئایا ئەم نامێلکەیە باسی خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وڵاتەکە دەکات؟

نا. ئەم نامێلکەیە زانیاری سەبارەت بە *مووچەی خەرجیی ڕۆژانە* یان *پارەی پێداویستییە تایبەتەکان* یان ئەوەی کە چۆن دەستت بگات بە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندرووستیی تێدا نییە. ئەم خزمەتگوزارییانە لەلایەن وەزارەت و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی حکوومەتەوە پێشکەش دەکرێن. بەڕێوەبەری سەنتەرەکەت دەتوانێت زانیاریت بداتێ سەبارەت بەوەی کە چۆن دەستت بگاتە ئەم خزمەتگوزارییانە.

## IPAS چ جۆرە شوێنێکی حەوانەوە دابین دەکات؟

بە گوێرەی دەستوورەکان، لەو ماوەیەدا کە چاوەڕێی دەرەنجامی داواکاریی پاراستنەکەیانن، لە ناوەندێکی دەستنیشانکراودا شوێنی حەوانەوە بۆ داواکارانی پاراستنی نێونەتەوەیی دابین دەکەین. هەموو پێداویستییەکانی نیشتەجێبوونت بریتی لە سێ ژەمی خواردن پێشکەش دەکەین، لە هەندێک سەنتەردا ئامادەکاری بۆ ژیانێکی سەربەخۆ ڕێک خراون.

ئێمە لەسەرمانە کە شوێنی حەوانەوەی باش و پارێزراو پێشکەش بکەین کە ئاستی ئاسوودەگیتان بەرز بکاتەوە. چاوەڕێ دەکەین کە دانیشتووان و کارمەندان و بەڕێوەبەران بە ڕێزەوە لەگەڵ یەکتر هەڵسووکەوت بکەن.


لەو ماوەیەدا کە دانیشتووی ئێرەیت دەبێت یاسا و ڕێکارەکان وەکوو لەم نامێلکەیەدا و بەپێی دەستوور باس کراون بەرچاو بگریت.

## IPAS یان بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکە دەتوانن بۆ داواکاریی پاراستنەکەم یارمەتیم بدەن؟

نا. نە IPAS و نە بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکان هیچیان هیچ تێکردن (تێکردنی داتا) یان تێکەڵییەکیان لەگەڵ پرۆسەی پاراستنی نێونەتەوەییدا نییە. ئەوەیان ئەرکی نووسینگەی پاراستنی نێونەتەوەیی (IPO)یە. هەروەها چ زانیارییەکمان نییە لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ چ ماوەیەک لە کامپەکەماندا دەمێنیتەوە تاکوو دوا بڕیار لەسەر داواکارییەکەت وەردەگریت.

## ئایا یاسا هەیە کە دەبێت سەرنجێکی تایبەتیان بدەمێ؟

بەڵێ. دەبێت سەرنجێکی تایبەت بدەیتە پێداویستییەکانی "ڕاپۆرتی گەیشتن و نیشتەجێبوون" کە لە خوارەوە باس کراوە.



## مەرجەکانی "ڕاپۆرتی گەیشتن و نیشتەجێبوون"

ئەگەر تۆ داواکارێکی پاراستنیت و مەرجی "ڕاپۆرتی گەیشتن و نیشتەجێبوون" لە مادەی 16(3) (د) (i) لە یاسای پاراستنی نێونەتەوەیی هەموارکراوی 2015، تۆش دەگرێتەوە، دەبێت لەو شوێنەدا کە لەلایەن وەزیر بەپێی ئەو مەرجانە و لە ئاگادارینامەیەکدا دەستنیشان کراوە بژیت. ئەگەر شوێنی دەستنیشانکراو هەر ئەو شوێنی حەوانەوەیە بێت کە پێشکەشت کراوە تا کاتێک حکوومەت بڕیار لەسەر داواکارییەکەت بۆ پاراستن دەدات، ئیدی دەبێت هەر لەوێ بمێنیتەوە مەگەر ئەوەی کە مەرجەکان لەلایەن فەرمانبەرێکی خاڵی پشکنینەوە بگۆڕدرێن یان هەڵبوەشێندرێتەوە. ئەگەر مەرجێکی مادەی 16(3) (د) لە هەموارکراوی پاراستنی نێونەتەوەیی تۆش دەگرێتەوە، دەبێت IPAS ئاگادار بکەیتەوە.

هەموو مەرجێکی دیاریکراوی ڕاپۆرتی گەیشتن و سزاکانی پشتگوێخستنیان بەو چەشنەیە کە لەنێو ئەو نامەیەدا هاتووە وا لە کاتی دەسنیشانکرانت بۆ شوێنی حەوانەوەکەت پێت دراوە.

ئەگەر گوێڕایەڵی ئەم مەرجانە نەبیت، سەرپێچیت کردووە و لەوانەیە سزا بدرێیت وەکوو لە مادەی 16(5)ـی یاسای پاراستنی نێونەتەوەیی هەموارکراوی 2015ـدا دەستنیشان کراوە. ئەمە دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی کە داواکارییەکەت بۆ پاراستن بە هەڵوەشێندراو و ڕەتکراو دابنرێت.

## دەکرێت چاوەڕێ بم بە ڕێزەوە هەڵسووکەوتم لەگەڵ بکرێت؟

بەڵێ. ئێمە دەبێت هەمیشە بە ڕێزەوە لەگەڵ یەکدی هەڵسووکەوت بکەین. ئەمە تۆ، دانیشتووانی دیکە، بەڕێوەبەرایەتی و کارمەندان و سەردانکەرانی سەنتەرەکە دەگرێتەوە.

## دەستووری ئیرلەندی چۆن کاریگەری لەسەر یاساکان دادەنێت؟

ئەم یاسا ناوخۆییانە بەپێی ئەو دەستوورانە دانراون کە لە سەرەتای ئەم نامیلکەیەدا باس کراون. ئەم ڕێکار و یاسا ناوخۆییانە بۆ ئەوە دانراون تاکوو سەنتەرەکانی پێشوازیی سەرەتایی و کامپەکانی پەنابەران پارێزراو بن و بەباشی ئیش بکەن. بەهیچ جۆرێک ناکۆکیی لەگەڵ مافە یاساییەکانت بەپێی دەستووری ئیرلەندیدا نییە.

وەکوو هەموو کەسێکی دیکە لە ئیرلەندا، تۆش دەبێت گوێڕایەڵی یاسا بیت. هەندێک لە پێشێلکارییە یاساییەکان (بۆ نموونە هەڵسووکەوتی خراپ یان توندوتیژانە) پێشێلکردنی دەستووریش دەبێت. دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسەی هەڵسووکەوتێکی توندوتیژانەی هەیە تاوانبار بکرێت و/یان لە سەنتەرەکە دەربکرێت.

بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە سەقامگیرییەکی باش لە سەنتەرەکانی پێشوازیی سەرەتایی و کامپەکانی پەنابەراندا هەبێت و ئەوەی کە پارێزراو بن و بەباشی ئیش بکەن، بە گوێرەی دەستووری 7 لە دەستوورەکان، وەزیری منداڵان، یەکسانی، کەمئەندامان، پێکەوەژیان و لاوان دەتوانێت سەنتەرێکی پێشوازیی سەرەتایی یان کامپێکی پەنابەرانی دیکە دەستنیشان بکات، یان لە هەندێک دۆخی تایبەتدا، خزمەتگوزارییەکان ڕابگرێت یان کەمیان بکاتەوە.

## دەتوانم لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی یان کارمەندەکان قسە بکەم؟

بەڵێ. هەموو دانیشتوویەک دەتوانێت بۆ هەر کێشەیەک کە ڕەنگە سەبارەت بە مانەوەیان لە سەنتەری پێشوازیی سەرەتایی یان کامپی پەنابەراندا بێتە ئاراوە، لەگەڵ هەموو ئەندامێکی بەڕێوەبەرایەتی یان کارمەندان قسە بکات.

ناوەندەکە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان، ناوبەناو یان بەپێی پێویست کۆبوونەوەی "بەڕێوەبەرایەتی و دانیشتووان" ڕێک دەخات. سەنتەرەکە لە شوێنی پرسگەکەدا سەبارەت بەم کۆبوونەوانە ئاگادارینامە دادەنێت. بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکە داوەتتان دەکات بچن بۆ ئەم کۆبوونەوانە و ڕوانگەی خۆتان باس بکەن.

## چۆن سکاڵا تۆمار بکەم؟

ڕێکارێکی فەرمی بۆ تۆمارکردنی سکاڵا هەیە **(ئەم نامیلکەیە: بەشی 4: ڕێکاری سکاڵاکردن ببینە)**.دانیشتووان و بەڕێوەبەرایەتی ئەگەر نەیانتوانی کێشەکان کە لە یاسا و ڕێکارەکاندا باسیان کراوە بە شێوازێکی نافەرمی چارەسەر بکەن یان ئەگەر کێشەیەکی جیدی هاتە ئاراوە، دەتوانن شوێنی ئەم ڕێکارە بگرن. لە هەموو سەنتەرێکدا فۆڕمی سکاڵاکردن بەردەستە.

## دەتوانم هەڵیبژێرم لە چ سەنتەرێکدا بژیم؟

نا. بەپێی دەستووری 7 لە دەستورەکان، وەزیری منداڵان، یەکسانی، کەمئەندامان، پێکەوەژیان و لاوان ئەو سەنتەرە دەستنیشان دەکات کە IPAS تێیدا شوێنی حەوانەوەت پێشکەش دەکات. هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە کە لە سەنتەرێکی تایبەتدا بژیت.

## دەتوانم داوای گواستنەوە بۆ سەنتەرێکی دیکە بکەم؟

ئەگەر پێویستت بە شوێنی حەوانەوەیە، مافی ئەوەت نییە کە بگوازرێیتە بۆ سەنتەرێکی دیکەی هەڵبژێردراوی خۆت. دەکرێت گواستنەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام تەنیا کاتێک کە وەزیر بڕیار بدات کە هۆکارەکەی هەرە گرینگە. ئەمەیان بەس لە هەندێک دۆخی دەگمەن و تایبەتدا ڕوو دەدات.

ئەگەر بە هۆکاری پزیشکی داوای گواستنەوە بکەیت، لەوانەیە داوا لە پزیشکێکی توێژەری سەربەخۆ بکرێت تاکوو هەڵسەنگاندن بۆ داواکارییەکەت بکات. ئەگەر ویستت داوای گواستنەوە بۆ سەنتەرێکی دیکە بکەیت، دەتوانیت لە ڕێگای ئیمەیلەوە ئەوە بکەیت.

**ئیمەیل:** ipasinbox@equality.gov.ie

پاش ئەوەی ئیمەیلەکەتمان وەرگرت، لە ماوەی 14 ڕۆژدا لەلایەن IPASـەوە وەڵامت دەدرێتەوە. بڕیاری ئێمە دوا بڕیار دەبێت.

ئەگەر داوکارییەکەت ڕەت بکەینەوە، ناتوانیت بەپێی ڕێکارەکانی سکاڵاکردن، سکاڵا تۆمار بکەیت، وەکوو لە "بەشی 4: ڕێکارەکانی سکاڵاکردن"ـی ئەم نامێلکەیەدا باس کراوە.

ئەگەر لەسەر ئەو بڕوایە بین کە تۆ داوای گواستنەوەت کردووە لەبەر ئەوەی کە سەنتەرەکە نەیتوانیوە ئەو خزمەتگوزارییانەت پێشکەش بکات کە لە "بەشی 1: خزمەتگوزارییەکان"ـی ئەم نامێلکەیەدا باس کراوە، داواکارییەکەت دەنێرین بۆ بەڕێوەبەری سەنتەرەکە و بەر لەوەی وەڵامت بدەینەوە بۆچوونەکانی ئەو بەرچاو دەگرین. ئەگەر گونجاو بوو زانیارییە کەسییەکانت بە نەناسراوی دەمێنێتەوە.

پرسیار: ئایا دەبێت بۆ تێچووی دابینکردنی شوێنی حەوانەوە پارە بدەم؟

وەڵام: وەکوو لە دەستووری 5 لە دەستوورەکانی کۆمەڵە ئەورووپییەکان (ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی)ـی 2018دا هاتووە، ئەگەر ڕێگەت پێ درابێت کە دەستت بە بازاڕی کار بگات و بۆ ماوەی 12 هەفتە بێت کە ئیش دەکەیت، لەسەرت دەبێت کە بەشێک لە تێچووی دابینکردنی پێداویستییە مادییەکانت بدەیت ئەگەر مووچەی خەرجیی ڕۆژانەت ڕاگیرابێت. ئەو بڕە پارەیەی کە دەبێت بیدەیت بەپێی ئاستی داهاتەکەت دەبێت. بە کلیککردن لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە دەتوانن لە IrishStatuteBook هەموو زانیارییەکان بدۆزنەوە.

https://www.irishstatutebook.ie/eli/2018/si/230/made/en/print

دەتوانن بە کلیککردن لەسەر لینکی Labour Market Access زانیارییەکی زۆرتر لەسەر دەستگەیشتن بە بازاڕی کار بدۆزنەوە.

هیوای تەندروستی و لەشساغیتان بۆ دەخوازین لە ماوەی مانەوەتان لە ئەم سەنتەری پێشوازیی سەرەتایی یان کامپی پەنابەرانەدا.

**تیمی IPAS**

# بەشی 1

## ئەو خزمەتگوزارییانەی کە سەنتەرەکەت دەبێت پێشکەشیان بکات

### ئەو سەنتەرانەی پێشوازیی سەرەتایی یان کامپی پەنابەرانەی کە لەلایەن IPAS ـەوە دەستنیشان کراون چ خزمەتگوزاریگەلێک پێشکەش دەکەن؟


ئێمە لەگەڵ سەنتەرەکانی پێشوازیی سەرەتایی یان کامپەکانی پەنابەراندا گرێبەست دەکەین کە بەپێی سیاسەتە گشتییەکانمان خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بکەن. ناوبەناو پشکنین بۆ سەنتەرەکان دەکەین بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە خزمەتگوزارییەکان قایلکەر بن. ئەم پشکنینانە کە بەبێ ئاگادارکردنەوە دەکرێن، لەلایەن کارمەندانی IPAS و لەلایەن کۆمپانییەکی تایبەتی سەربەخۆوە کە گرێبەستی لەگەڵ کراوە جێبەجێ دەکرێن. ئەمانەی خوارەوە وردەکاری ئەو خزمەتگوزارییانەن کە سەنتەرەکە دەبێت پێشکەشت بکات.

### ڕێز

1.1 سەنتەرەکە دەبێت بە ڕێزەوە هەڵسووکەوتت لەگەڵ بکات. ئێمە هەڵسووکەوتی نەشیاو وەکوو گێچەڵی سێکسی، ڕەگەزپەرستی و هیچ چەشنە سووکایەتییەک قەبووڵ ناکەین.

### ستانداردی شوێنی حەوانەوە

1.2 شوێنی حەوانەوەکەت دەبێت پارێزراو، ئاسوودە و خاوێن بێت. بۆ دڵنیابوونەوە لە پارێزراوبوونتان، دەکرێت سەنتەرەکانمان لەڕێگای کامێرای چاودێرییەوە چاودێری بکرێن.



## خۆراکی منداڵ و ساوا


1.3 سەنتەرەکە بەپێی "ڕێنوێنییەکانی خۆراکی ساوایان" شیری ساوا و خۆراکی منداڵ دابین دەکات. جێبەجێکاری خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکان (HSE) ئەم ڕێنوێنییانەی ئامادە کردووە و سەنتەرەکەش کۆپییەکیان لەلایە کە دەتوانن پێشانتی بدەن. ئەگەر نیشتەجێی ناوەندێکی ژیانی سەربەخۆ بیت، هەندێک زانیاریت پێشکەش دەکرێت کە دەتوانیت بۆ کڕینی شیری ساوا و خۆراکی منداڵ کەڵکیان لێ بگریت.

## بێشکە و پێخەفی منداڵان



1.4 سەنتەرەکە بێشکە و پێداویستیی ساوایان دابین دەکات.

## قوتابخانە




1.5 سەنتەرەکە سەبارەت بە قوتابخانەکانی ناوچەکە زانیاریت دەداتێ و یارمەتیت دەدات تاکوو منداڵەکانت لەوێ ناونووس بکەیت.

## ژەمی نیوەڕۆی قوتابخانە

1.6 هەرکات پێویست بوو سەنتەرەکە دەبێت پاکیجێکی خواردنی تەندرووست، جۆراوجۆر و بەسوود بۆ ژەمی نیوەڕۆی منداڵە قوتابییەکان دابین بکات.

## ژەمەکان

1.7 سەنتەرەکە بۆ ژەمی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە خواردنێکی جۆراوجۆر و بەسوودت بۆ دابین دەکات. لە شوێنی حەوانەوە لە چەشنی ژیانی سەربەخۆدا، چێشتخانە بەردەست دەبێت تاکوو ژەمەکانی خواردنی خۆتی تێدا درووست بکەیت.



**پێداویستییەکانی ڕجیمێکی پزیشکی**

1.8 سەنتەرەکە پێداویستی هەموو چەشنە ڕجیمێک دابین دەکات کە تۆ یان منداڵەکەت بەهۆکاری پزیشکی پێویستتان بێت. هەرکات پێویست بێت یارمەتی لە پزیشکێکی پسپۆڕ وەردەگرن.

**بژاردەی خواردن بەپێی ئەتنیک و ئاو و خۆراکی 24 کاتژمێری**

1.9 ئەگەر بکرێت و بلوێت، سەنتەرەکە بەپێی بژاردە ئەتنیکییەکان خواردن دابین دەکات. سەنتەرەکە، لە دەرەوەی کاتی ئاسایی ژەمەکاندا، ئاوی خواردنەوە و شوێنی پێویست بۆ درووستکردنی چا و قاوەتان بۆ دابین دەکات.


**سابوون، شامپۆ، هەویری ددان**



1.10 سەنتەرەکە کاتێک گەیشتیتە ئەوێ سابوون و شامپۆ و هەویری ددانت بۆ دابین دەکات.

هەر کات پێویستت بێت پێداویستی نوێت دەدەنێ، ئەگەر لە سەنتەرێکی ژیانی سەربەخۆدا دەژیت دەتوانیت لەو مووچەیەی پێت دەدرێت بۆ کڕینی پێداویستییەکانت کەڵک بگریت.

**گەرماو و شووشتن**



1.11 سەنتەرەکە شوێنی تایبەت بە شووشتن و حەمامکردنت بۆ دابین دەکات.

**جلشووشتن و ئوتووکردن**

1.2 سەنتەرەکە شوێنی تایبەت بە جلشووشتن و ئوتووکردن دابین دەکات.

**خاوێنکردنەوە**

1.3 کارمەندانی خاوێنکردنەوەی سەنتەرەکە ئەگەر پێویست بێت ژوورەکەت بۆ پاکژ دەکەنەوە. هەڵبەت، چاوەڕێ دەکرێت کە هەموو دانیشتووان لە پاش خۆیان شوێنەکان ڕێکوپێک بکەنەوە و ژوورەکانیان تا ئاستێکی باش پاکژ و ڕێکوپێک ڕابگرن.

**گەرمکردنەوە**


1.14 بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکە سەرنج دەدات تاکوو ژوورەکەت و ژوورە گشتییەکانی حەسانەوە لە ئاستێکی ستاندارد و چاکدا گەرم بن.

## پێخەف و خاولی

1.15 سەنتەرەکە بەقەد پێویست پێخەف و چەرچەفت دەداتێ. هەرکات پێویست بێت، بەڵام لانیکەم هەفتەیەک جارێک، پێخەف و خاولییەکانت دەگۆڕن.

## شوێنی ڕابواردن

1.16 زانیاری سەبارەت بە شوێنەکانی ڕابواردن لە شوێنی پرسگەی سەنتەرەکەتدا بەردەست دەبێت و ئەگەر سەنتەرەکەت ئەمانە دابین بکات دەتوانیت بەبێ بەرانبەر کەڵکیان لێ بگریت. سەنتەرەکە لەوانەیە چالاکیی دیکەش ڕێک بخات کە بێبەرامبەر دەبن یان پارەیەکی کەمیان پێویست دەبێت.



# بەشی 2

## یاسا ناوخۆییەکان

ئەمانەی خوارەوە یاسا ناوخۆییە بنەماییەکانن کە بەگوێری دەستوورەکانی کۆمەڵە ئەوروووپییەکان (ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی)ـی 2018 ئامادە کراون. دانیشتووانی کامپەکانی IPAS دەبێت یاساکانی سەنتەرەکە کە لەم نامیلکەیە و لە دەستوورەکاندا هاتووە ڕەچاو بکەن.

**ڕێز**

2.1 هەر کەسێکت بینی دەبێت بە ڕێزەوە هەڵسووکەوتی لەگەڵ بکەیت. هەروەها دەبێت ڕێزی سامانەکانی سەنتەرەکە و کەلوپەلی دانیشتوانی دیکەش بگریت. نابێت هیچ شتێک بکەیت کە دۆخی ئاسایش و ئاسوودەگی سەنتەرەکەت تێک بدات.

**دەستوور**

2.2. دەبێت گوێڕایەڵی دەستووری ئیرلەندی بیت. نابێت تێکەڵی هیچ چەشنە چالاکییەکی تاوانکاری ببیت یان شتێک بکەیت کە ببێتە هۆی ئازار یان مەترسی بۆ سەر دانیشتووانی دیکە یان بەڕێوەبەرایەتی یان کارمەندانی سەنتەرەکە.

2.3 بەپێی دەستووری 6 لە دەستوورەکان، وەزریری داد و یەکسانی دەتوانێت بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی بدات ئەگەر دانیشتوویەک یاسا ناوخۆییەکانی پێشێل کردبێت یان خەریکی پێشێلکردنی یاساکان بێت یان ئەوەی کە دانیشتووەکە تەواو توندوتیژ بووبێت. پێشێلکردنی یاسا ناوخۆییەکان بەریتین لەمانەی خوارەوە:

- توندوتیژی
- بەکارهێنانی دەرمانە قەدەغەکراوەکان
- هەڵگرتنی دەرمانە قەدەغەکراوەکان
- سەرخۆش و بێسەروبەر بوون



- گێچەڵی سێکسی
- ڕەگەزپەرستی، یان
- هەر چەشنە سووکایەتیکردنێک
- بە ئەنقەست قسەی نەشیاو و ڕقاوی کردن و سووکایەتیکردن، یان
- درووستکردنی ئازار یان مەترسی بۆ سەر تەندرووستی یان ئاسایشی دانیشتووانی دیکە یان کارمەندانی سەنتەرەکە

ئەوها هەڵسووکەوتێک بەپێی دەستووری ئیرلەندییش وەکوو سەرپێچی دێتە ئەژمار.

ئەگەر هەر کەسێک یاسای سزادان پێشێل بکات، ڕاپۆرت دەکرێتە ئان گاردا شیۆهانا (پۆلیسی ئیرلەندا).

## ژوورەکەت

2.4

**a) ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەری سەنتەرەکە**

دەبێت گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بەڕێوەبەری سەنتەرەکە بیت سەبارەت بە نیشتەجێبوون لەنێو ژوورەکەتدا و چۆڵکردنی.

**b) ڕەنگە پێویست بکات کە بگوازرێیتەوە**

بەپێی دەستووری 7 لە دەستوورەکان، وەزیر کامپی پەنابەران (سەنتەری نیشتەجێبوون) هەڵدەبژێرێت.IPAS لەسەر هەموو سەنتەرێک فەرزی دەکات کە لە کۆی هەموو ئەو شوێنی خەوتنانەی کە هەیانە کەڵک بگرن بۆ جێکردنەوەی داواکارانی پاراستن. دەکرێت ئەمە بەو مانایە بێت کە هەندێک جار سەنتەرەکە داوات لێ بکات لە ژوورێکەوە بگوازیتەوە بۆ ژوورێکی دیکە.

ڕەنگە هەندێکجار IPAS داوا بکات کە دانیشتوویەک بگوازێتەوە بۆ سەنتەرێکی دیکە.

ئەگەر بەڕێوەبەری سەنتەرەکە یان IPAS بیانەوێت کە بگوازیتەوە بۆ ژوورێکی دیکە یان بۆ سەنتەرێکی دیکە، هۆکارەکەیت پێ دەڵێن.



c) پاكژكردنەوە

پێویستە كە ژوورەكەت خاوێن و
ڕێكوپێک ڕابگریت و هەوای نێو ژوورەكەش بگۆڕیت.

**d) پشكنینی ژوورەكان**

گرینگە كە ستانداردەكانی شوێنی نیشتەجێبوونەكە بۆ هەموو ئەوانەی لە سەنتەرەكەدا دەژین تا دەكرێت باش بێت. ئەركە لەسەر شانی بەڕێوەبەری سەنتەرەكە دڵنیا ببێتەوە لەوەی كە ستانداردەكان وەكوو خۆیان مابێتنەوە و هەموو ئیمكانیاتەكان بەباشی ئیش بكەن و هەر چاككردنەوەیەكیش پێویست بوو دەستەبەری بكات. ئەمە واتە هەندێكجار بەڕێوەبەری سەنتەرەكە پیویستە كە ژوورەكەت ببینێت.

**<u>پشكنین لەلایەن بەڕێوەبەری سەنتەرەكە:</u>**

بەڕێوەبەر یان ئەو كارمەندەی كە بەڕێوەبەر دەستنیشانی بكات، ئاگادارت دەكەنەوە هەر كات بیانەوێت ژوورەكەت بپشكنن. داوا دەكەین كە لەگەڵ بەڕێوەبەرەكە هاوكاری بكەیت. پاش سێ داواكاریی بۆ دیتنی ژوورەكەت و سەرنەكەوتنی، لەوانەیە بەڕێوەبەر ئاگادارینامەیەكی فەرمیت بداتێ سەبارەت بەوەی كە لە بەروار و كاتێكی دەستنیشانكراودا ژوورەكەت دەپشكنێت. بەڕێوەبەر لەوانەیە بەبێ ئاگاداركردنەوە بچێتە ژوورێكەوە ئەگەر لەسەر ئەو بڕوایە بێت كە مەترسییەک هەیە بۆ سەر تەندرووستی یان ئاسایشی ئەو شوێنە.

لەوانەیە ژوورەكەت لەلایەن ئەمانەشەوە پشكنینی بۆ بكرێت:

- كارمەندانی IPAS یان
- پشكنەری دیكەی دەستنیشانكراو لەلایەن IPAS-ەوە

هەموو ئەم كەسانە ئەوەندەی بتوانن ڕێز لە ڕەوشی تایبەتیت دەگرن.

**پشکنین لەلایەن IPAS یان بە نوێنەرایەتی لە IPAS-ەوە**

مەبەست لەم پشکنینانە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەیە کە هەموو پێداویستییەکانی پاراستن و تەندرووستی ڕەچاو کرابێتن؛ ئەوەی کە ئەو کۆمپانییەی شوێنی حەوانەوەی بۆت دابین کردووە پابەندی ئەرکەکانییەتی وەکوو لە گرێبەستەکەی لەگەڵ IPAS-دا هاتووە؛ ئەوەش کە تۆ هەموو ئەو خزمەتگوزارییانە وەردەگریت کە بەپێی دەستوورەکان مافی خۆتە.

ئەم پشکنینانە کە لەلایەن IPAS یان بە نوێنەرایەتی IPAS-ەوە دەکرێن بەبێ ڕاگەیاندن دەبن. نە بە تۆ و نە بە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ناگوترێت کەی ئەم پشکنینانە ئەنجام دەدرێن. لە ڕۆژی پشکنینەکەدا ئاگادار دەکرێیتەوە کە دواتر ژوورەکەت دەپشکێندرێت. ئەگەر لەوێ نەبیت، لەوانەیە پشکنینەکە بەبێ ئامادەبوونی خۆت جێبەجێ بکرێت.

e) **کەرەستە کارەباییەکان**



هەندێک کەرەستەی کارەبایی و ئاداپتەرەکان دەتوانن ببنە هۆی ئاگرکەوتنەوە. ئەگەر دەتەوێت هەر چەشنە کەرەستەیەکی کارەبایی لەنێو ژوورەکەتدا بەکار بێنیت، دەبێت سەرەتا ئیزن لە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە وەربگریت. **(تکایە بەشی 3: بەرگری و پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە ببینە.)**

f) **ڕازاندنەوە (دیکۆراسیۆن)**

تەنیا ئەگەر ئیزنت لە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە وەرگرتبێت بۆت هەیە کە دیکۆری ژوورەکەت بگۆڕیت. دیکۆرگۆڕین دەکرێت ببێتە هۆی ئاگرکەوتنەوە.

## خۆراک و چێشتلێنان

2.5 نابێت لەنێو ژوورەکەتدا چێشت هەڵبگریت. نابێت لەنێو ژوورەکەتدا چێشت لێ بنێیت.

## کحوول و دەرمانە قەدەغەکراوەکان

2.6 نابێت لەنێو سەنتەرەکەدا کحوول یان دەرمانی قەدەغەکراو بەکار بهێنیت یان هەڵیانبگریت.

### دەنگەدەنگ



2.7 نابێت دەنگەدەنگی زیادە درووست بکەیت، بەتایبەت لە نێوان 10ـی شەو تاکوو 8ـی بەیانی. گرینگە کە دانیشتووان و دراوسێکانی دیکەش بەرچاو بگریت و لەبیرت بێت کە هەموو دانیشتووان مافی ئەوەیان هەیە کە بەتەواوی چێژ لە سەنتەرەکە ببینن.

### جگەرەکێشان



2.8 لە هیچ شوێنێکی نێو ئەم سەنتەرەدا نابێت جگەرە بکێشیت. نابێت سەری هیچ هەستەوەرێکی دووکەڵ داپۆشیت چونکە ئەمە دەکرێت ببێتە مەترسییەکی گەورە بۆ ئاگرکەوتنەوە.

### ئاژەڵیماڵی

2.9 بۆت نییە ئاژەڵی ماڵی لەنێو سەنتەرەکەدا بەخێو بکەیت. ئەگەر پێویست بێت، سەگی یاریدەدەر ڕێگەپێدراوە.



### زبڵ

2.10 تکایە هەموو زبڵێک بخەرە نێو زبڵدانە دابینکراوەکانەوە.

### ڕاهێنانی ئاگرکەوتنەوە

2.11 دەبێت لە هەموو ڕاهێنانەکانی ئاگرکەوتنەوەدا بەشداری بکەیت و گوێڕایەڵی ئەو دەستوورانە بیت کە سەبارەت بە ئاگرکەوتنەوە لەم نامێلکەیەدا هاتووە. ڕاهێنانەکانی ئاگرکەوتنەوە بۆ پاراستنی خۆت ئەنجام دەدرێن. **(تکایە بەشی 3: بەرگری و پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە ببینە)**

### سەردانکەران

2.12 ئەوەی کە بتوانیت چاوت بە خزم و هاوڕێکانت بکەوێت لایەنێکی گرینگی ژیانە و بەڕێوەبەرایەتی بەهیوایە تا ئاستێک کە دەست بدات ئەمەیان مسۆگەر بکات.IPAS دەیەوێت هەموو کەسێک کە لەنێو سەنتەرەکاندا دەژین چێژ لە شوێنێکی حەوانەوەی ئاسوودە و پارێزراو ببینن و ئەوەی کە مافەکانی هەموو ئەوانەی کە لەوێ دەژین پارێزراو بن.



بەم هۆکارەش، سەردانکردن بەگشتی لەنێوان 10ـی بەیانی تاکوو 10ـی شەو (بۆ منداڵان تاکوو 8ـی شەو مەگەر ئەوەی کە لەگەڵ دایکوباوک / چاودێرەکەیدا بێت) ڕێگەپێدراوە. بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەکرێت ژمارەی سەردانکەران لە هەر کاتێکدا سنووردار بکات ئەگەر لەسەر ئەو بڕوایە بێت کە لەوانەیە مەترسییەک بۆ سەر ئاسایش و تەندرووستی هەبێت. هەروەها دەکرێت بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ڕێگری لە هاتنەژوورەوە بکات یان داوا لە سەردانکەران بکات کە بچنە دەرەوە ئەگەر هۆکارێکی بۆ ئەو بڕوایەی هەبێت کە لەوانەیە ئەوانە ببنە هۆی مەترسییەک بۆ سەر سامانی دانیشتووان یان سەنتەرەکە. لە وەها دۆخێکدا، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە IPAS لە هۆکارەکانی ئەو ڕێگریکردنە ئاگادار دەکاتەوە.

بە بەرچاوگرتنی پێویستبوونی پاراستنی مافەکانی دانیشتووانی دیکە و ڕەچاوکردنی ستانداردەکانی پاراستنی منداڵ، ئەو ڕێگایەی کە تێیدا چاوپێکەوتنەکان مسۆگەر دەبن گرێدراو دەبێت بە جۆری ئەو سەنتەرەی کە تێیدا دەژیت. لەنێو کۆی شوێنەکانی حەوانەوەی IPASـدا، سێ جۆری بەربڵاوی شوێنی حەوانەوە هەیە.

**جۆری A:**

ئەم سەنتەرانە لە یەکەی نیشتەجێبوونی جیاجیا پێکهاتوون و خانووی گەڕۆک، ماڵ و شوقە لە خۆ دەگرن کە کەرەستەی پێویستی چێشتلێنانی تێدا دابین کراوە. بەم هۆیە، سەردانکردنی یەکەی نیشتەجێبوونەکە بە داوەتکردن لەلایەن دانیشتووەکەوە مسۆگەر دەبێت.

**جۆری B:**

لەم سەنتەرانەدا یەکەکانی نیشتەجێبوون لە شوێنە هاوبەشەکاندان، بۆ نموونە ژوورە جیاجیاکان لە ئەولاتری ڕاڕەوە هاوبەشەکاندان. سەنتەرەکانی جۆری B دەکرێت پێشتر هۆتێل و هۆستێل و هتد بووبێتن. سەردانکردن بۆ ئەم سەنتەرانە لە ژوورگەلێکی تایبەت بۆ سەردانکردندا مسۆگەر دەبێت کە دەتوانن پێشتر داوای بکەن. سەردانی ژووری نیشتەجێبووان ڕێگەپێدراو نییە چونکە شیاو نییە ڕێگە بدرێت کەسانێک کە نیشتەجێی ئەوێ نین بچنە شوێن و ڕاڕەوە گشتییەکانەوە.

**جۆری C**

ئەم سەنتەرانە بەکۆی گشتی لە ژوورگەلێک پێک هاتوون کە کەسانی سەڵت پێکەوە هاوبەش تێیاندا نیشتەجێ دەبن. سەردانکردنی ژوورەکان ڕێگەپێدراو نییە کاتێک کە خەڵک لەو ژوورانەدا لەگەڵ کەسانێک دەژین کە خزمیان نین، ئەمەش بۆ پاراستنی مافی کەسیی ئەو کەسەیە کە بە هاوبەش لە ژوورەکەدا نیشتەجێیە. وەکوو ئەوەی جۆری B لە سەرەوە، سەردانکردن بۆ ئەم سەنتەرانە لە ژوورگەلێکی تایبەت بۆ سەردانکردندا مسۆگەر دەبێت کە دەتوانن پێشتر داوای بکەن.

بەبێ جیاوازی، لە هەر سەنتەرێکدا بێت، دەبێت ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

- سەردانکەران داوایان لێ دەکرێت کە بە کارمەندانی بەشی پرسگە بڵێن دەیانەوێت سەردانی کێ بکەن و دەبێت لاپەڕەی سەردانکردنیش پڕ بکەنەوە.

- داوات لێ دەکرێت بێیت بۆ بەشی پرسگە بۆ دیتنی میوانەکەت. تکایە دڵنیا ببەوە کە میوانەکەت مافی دانیشتووانی دیکە بپارێزێت.
- سەردانکەران دەبێت فۆرمێک واژۆ بکەن کە دەڵێت ئەوان سیاسەت و یاسا ناوخۆییەکان ڕەچاو دەکەن.
- داوا لە سەردانکەران دەکرێت کە بەڵگەیەکی وازهێنان لە ماف واژۆ بکەن سەبارەت بە هەر چەشنە زیان یان خەسارێک کە لەماوەی سەردانەکەدا ڕوو بدات.

## بۆ شەو لە دەرەوە مانەوە

2.3 بە گوێرەی دەستووری 4 لە دەستوورەکان، بۆ ئەوە شوێنی حەوانەوەت پێشکەش دەکرێت کە گوایە لە ساتە ئاساییەکاندا لەوێ دەژیت. ئەوە ئەرکی IPASـە کە دڵنیا ببێتەوە لەوەی کە شوێنی حەوانەوە بەردەست دەبێت بۆ هەموو ئەو داواکارانی پاراستنەی کە بەقەد پێویست داهاتیان نییە و ئەوەش کە هەموو قەرەوێڵەیەکی دابینکراو بەکار دەهێنرێن.

ئەگەر خۆت یان منداڵەکانت بۆ شەو لە دەرەوە دەبن، تکایە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ئاگادار بکەوە. ئەگەر بەبێ هۆ زۆرتر لە سێ شەو لە دەرەوە بیت، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە نامەت بۆ دەنێرێت و هۆکارەکەت لێ دەپرسێت. ئەگەر بەبێ هیچ هۆکارێک لە دەرەوەی شوێنی حەوانەوەکەت بمێنیتەوە، ئەمە بەو مانایە وەردەگیرێت کە گوایە چیدی پێویستت بە شوێنی حەوانەوە نییە.

ئامادەنەبوون ڕەنگە کاریگەری لەسەر مووچەی خەرجیی ڕۆژانەکەت دابنێت.

2.14 بەڕێوەبەری سەنتەرەکە لەسەریەتی کە خزمەتگوزاریی یاریدەدەریی کۆمەڵ (Community Welfare Service) ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە بەبێ ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەکەت بەجێ هێشتووە. ئەمە دەکرێت کاریگەری لەسەر ئەوە دابنێت کە ئاخۆ بەری وەرگرتنی مووچەی خەرجیی ڕۆژانە دەکەویت یان نا. تکایە یاساکانی 2.20 و 2.21ـیش سەبارەت بە ئامادەنەبوونی منداڵان لە سەنتەرەکاندا ببینە.

## ئەگەر شوێنەکە بۆ هەمیشە بەجێ دێڵیت

2.15 ئەگەر سەنتەرەکە بۆ هەمیشە بەجێ دێڵیت، دەبێت بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ئاگادار بکەیتەوە.

## گۆڕینی ناونیشان

2.16 ئەگەر دانیشتوویەکی یەکێک لە سەنتەرەکانی IPAS بیت و ناونیشانەکەت بگۆڕیت، دەبێت نامە بۆ کاربەدەستانی پەیوەندیدار بریتی لە نووسینگەی پاراستنی نێونەتەوەیی بنێریت و ئاگاداریان بکەیتەوە. بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەتوانێت فۆڕمەکانی پەیوەندیدار بە "گۆڕینی-ناونیشان"ـت بداتێ.

ئەگەر کاربەدەستان لە گۆڕینی ناونیشانەکەت ئاگادار نەکەیتەوە لەوانەیە ئاگادارینامە گرینگەکان سەبارەت بە داواکارییەکەت نەگاتە دەستت. ئەمەش دەکرێت بەو مانایە بێت کە ئەو دەرفەتانەت لەکیس بچێت کە بۆ ڕادەستکردنی بەڵگەکان، تێهەڵچوونەوەکان و هتد دیاری دەکرێن.

## سەبارەت بە گۆڕینی ناونیشانەکەم نامە بۆ کێ بنێرم؟

2.17

a) ئەگەر لە پرۆسەی پاراستندا لە **قۆناغی داواکاریـ**دایت، نامە بنێرە بۆ:

The International Protection Office
79 - 83 Lower Mount Street,
Dublin 2.

b) ئەگەر لە پرۆسەی پاراستندا لە **قۆناغی تێهەڵچوونەوە**دایت، نامە بنێرە بۆ:

The International Protection Appeals Tribunal
6/7 Hanover Street,
Dublin 2.

c) ئەگەر بە تەمای **مۆڵەتی مانەوە**(مانەوەی هەتاهەتایی)یت، نامە بنێرە بۆ:



The Repatriation Division

Irish Naturalisation and Immigration Service (INIS)
Department of Children, Equality, Disability and
Integration and Equality
13 - 14 Burgh Quay

Dublin 2.

## ئامێری گواستنەوە (بریتی لە ئۆتۆمبێل، ماتۆڕسکیل و هتد)

2.18 تەنیا بە ڕەزامەندیی بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت ئامێری گواستنەوە لەسەر گۆڕەپانە ناوەندییەکان پارک بکرێت.

ئەگەر ئامێرێکی گواستنەوەت لە گۆڕەپانە ناوەندییەکاندا پارک کردووە، دەبێت بتوانیت بیسەلمێنیت کە:




- هی تۆیە؛
- بەتەواوی باجەکانی دراوە و
- بەتەواوی بیمە کراوەتەوە.

پێشێلکردنێکی زەقی یاسایە ئەگەر ئامێرێکی گواستنەوەت بەبێ باج / یان بیمە هەبێت.



## قوتابخانە

2.19 پێویستە کە منداڵەکەت بڕواتە قوتابخانە.



بەپێی یاسای پەروەردە (تەندرووستی) هەموارکراوی 2000، هەموو منداڵێکی نێوان تەمەن 6 تا 16 ساڵ دەبێت بڕواتە قوتابخانە یان ئەوەش نەبوو پەروەردەیەکی بۆ دابین بکرێت. زۆربەی منداڵان لە مانگی سیپتەمبەری پاش ئەوەی دەبێت بە چوار یان پێنج ساڵیان، قوتابخانەیان دەست پێ دەکات.

کاتێک منداڵەکەت لە قوتابخانە ناونووس کرا، دەبێت هەموو ڕۆژێک لەوێ ئامادە بێت. ئەگەر منداڵەکەت بەهۆی نەخۆشی یان هەر شتێکی دیکە نەتوانێت بڕواتەوە بۆ قوتابخانە، دەبێت قوتابخانەکە ئاگادار بکەیتەوە.

## چاودێری و پاراستن

2.20 وەکوو دایکوباوک یان چاودێرێکی یاسایی، بەرپرسیاری چاودێری و پاراستنی منداڵەکانت دەبیت.

لە ئیرلەندا، کەسەکان تاکوو تەمەنی 18 ساڵ، بە پێی یاسا منداڵن. تکایە کاتێک لە سەنتەرەکەدا نیت لەوە دڵنیا ببەوە کە هەموو منداڵەکان لەلایەن گەورەساڵێکی شیاوەوە چاوەدێری بکرێن.

## سیاسەتی پاراستنی منداڵ

2.21 IPAS "سیاسەتی پاراستنی منداڵ"ێکی لە هەموو سەنتەرێکیدا هەیە. هەموو سەنتەرێک کۆپییەکی لە



“سیاسەتی پاراستنی منداڵ”ی IPASـی هەیە و تۆش دەتوانیت کۆپییەکی لە کارمەندانی سەنتەرەکە وەربگریت. بەپێی مەرجەکانی ئەم سیاسەتە، دەبێت لەوە دڵنیا ببیتەوە کە منداڵان و لاوان بە ڕێزەوە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکرێت. دەبێت هەمیشە بیانپارێزیت و ئاگاداری تەندرووستیی گشتییان بیت.

## سەرپەرشتیی منداڵان لە شوێنی حەوانەوەدا

2.22 دایکوباوک و چاودێرەکان ئاگادار دەکرێنەوە کە دەبێت لەوە دڵنیا ببنەوە کە لە ماوەی نیشتەجێبوونیان لە شوێنێکی حەوانەوەی IPASـدا منداڵەکانیان بەقەد پێویست سەرپەرشتی بکرێن. ڕاوێژ سەبارەت بە بەخێوکردنی منداڵ لە ئیرلەندا، بژاردە ناوچەییەکانی چاودێریی منداڵ و شێوازی پەیوەندیکردن بە سەنتەرەکانی پاڵپشتیی بنەماڵە لە ناوچەکەتدا لە www.tusla.ieیان www.newcommunities.ieـدا بەردەستە.بەڕێوەبەری سەنتەرەکەشت دەتوانێت سەبارەت بە خزمەتگوزارییە ناوچەییەکان بۆ بنەماڵە زانیاریت بداتێ.

ئەرکی دایکوباوک و چاودێرەکانە لەوە دڵنیا ببنەوە کە منداڵەکانیان پارێزراون و ئاگادارییان لێوە دەکرێت. ئەگەر ئەو بڕوایە هەبێت کە منداڵێک مەترسی لەسەرە، ئەرکی کارمەندانی سەنتەرەکەیە کە بەپێی “سیاسەتی پاراستنی منداڵ”ی IPAS و “سەرەتا منداڵان: ڕێنوێنییە نەتەوەییەکان بۆ پاراستن و تەندرووستی منداڵان” بجووڵێنەوە. کۆپییەکی ئەو سیاسەتانە لە بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکە یان لە IPAS

www.gov.ie/ipas و www.tusla.ieـدا بەردەستن.

کارمەندانی سەنتەرەکە ناتوانن چاودێری منداڵەکانت بکەن. تکایە بۆ ئەو ساتانەی کە ئیش دەکەیت یان بۆ ئەو ئێوارانەی کە لە سەنتەرەکەدا نیت، چاودێری و ئاگادارییەکی باش بۆ منداڵەکەت ڕێک بخە.

## بۆ شەو مانەوە لە شوێنێکی دیکەدا

2.1 وەکوو بەشێک لە سیاسەتی پاراستنی منداڵ، تکایە پێشتر بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ئاگادار بکەوە ئەگەر بڕیارە منداڵەکەت بۆ شەو لە شوێنێکی دیکەی بێجگە لە سەنتەرەکدا بمێنێتەوە.

دەبێت ناو و ناونیشانی ئەو کەسەی کە منداڵەکەت لە لای دەمێنێتەوە و ئەو بەروارەی کە بڕیارە بگەڕێتەوە بدەیتە بەڕێوەبەرەکە. ئەگەر ئەمە نەکەیت لەوانەیە ناوی منداڵەکەت وەکوو کەسێکی ونبوو بدرێتە ئان گاردا شیۆهانا (پۆلیسی ئیرلەندا).



# بەشی 3



## بەرگری و پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە

**بۆ پاراستنی خۆت و هەموو دانیشتووان، بۆ بەرگری و پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە دەبێت ئەم دەستوورانەی خوارەوە بزانیت و ڕەچاویان بکەیت:**

### ڕاهێنانەکانی ئاگرکەوتنەوە

3.1 سەنتەرەکە جاربەجار ڕاهێنانی ئاگرکەوتنەوە ڕێک دەخات بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە دەزانیت چ ڕێگایەک بۆ هەڵاتن بەکار بێنیت و دەبێت لە کوێ کۆ ببنەوە ئەگەر ئاگرکەوتنەوەیەک هەبوو.

### وریاکەرەوەی ئاگرکەوتنەوە

3.2 ئەگەر ئاگرکەوتنەوەیەک ڕوو بدات یان سەنتەرەکە ڕاهێنانی ئاگرکەوتنەوە ئەنجام بدات، وریاکەرەوەکە بەردەوام دەنگی دەبێت. کاتێک ئەم دەنگی وریاکەرەوەیەت بیست، تکایە خێرا لە نێزیکترین ڕێگای چوونەدەرەوەوە بیناکە بەجێ بێڵە و بچۆ بۆ خاڵی کۆبوونەوە.

زانیاریی ڕێگای چوونەدەرەوە دەبێت لەنێو ژوورەکەتدا پێشان درابێت.

ئەگەر پێشان نەدراوە، تکایە پەیوەندی بکە بە بەڕێوەبەری سەنتەرەکەوە.

دایکوباوک و چاودێرەکان کاتێک سەنتەرەکە چۆڵ دەکەن دەبێت (ئەگەر مەترسییەک لەم کارەدا نەبوو) منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن. سەرەڕای ئەمەش، دایکوباوک و چاودێرەکان دەبێت بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکە ئاگادار بکەنەوە ئەگەر منداڵێکیان لەو ساتەدا لەنێو سەنتەرەکەدا نەبوو، بۆ نموونە ئەگەر لە قوتابخانە بوو.

### دەبێت لە ڕاهێنانەکانی ئاگرکەوتنەوەدا هاوکاری بکەیت

٣,٣ دەبێت لەگەڵ کارمەندانی سەنتەرەکەتدا هاوکاری بکەیت ئەگەر بەهۆی ئاگرکەوتنەوە یان ڕاهێنانێکی ئاگرکەوتنەوەوە سەنتەرەکە چۆڵ بکەن. هەر کەسێک کە هاوکاری نەکات، یاسا ناوخۆییەکانی پێشێل کردووە و سەنتەرەکەش IPAS ئاگادار دەکاتەوە.IPAS هەر چەشنە پێشێلکردنێکی یاسا ناوخۆییەکان زۆر بەجیدی وەردەگرێت، بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندییان بە بەرگری و پاراستن لە ئاگرکەوتنەوەوە هەبێت.

### ئاگادارینامەی ئاگرکەوتنەوە


3.4 لە هەموو شوێنێکی سەنتەرەکەدا لەسەر دیوارەکان ئاگادارینامەی ئاگرکەوتنەوە هەیە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئەگەر ئاگرکەوتنەوەیەک یان ڕاهێنانێکی ئاگرکەوتنەوە هەبوو دەبێت چی بکەیت. ئەم ئاگادارینامانە مەکەنەوە و تێکیان مەدە.

### نێزیکترین ڕێگای هەڵاتن بە تۆوە

3.5 تکایە سەرنج بدە بە نێزیکترین ڕێگای هەڵاتن بە ژوورەکەتەوە.

### شوێنەکانی چوونەدەروە خاوێن ڕابگرە

3.6 تکایە هەمیشە شوێنەکانی چوونەدەرەوەی تایبەت بە کاتی ئاگرکەوتنەوە خاوێن ڕابگرە.



### دەرگا دژەئاگرەکان بە داخراوی بهێڵەوە

3.7 تکایە هەمیشە دەرگا دژەئاگرەکان بە داخراوی بهێڵەوە.

### واز لە کەرەستەکان بێنە

3.8 دەستکاریی کەرەستەکانی بەرگری و پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە مەکە، بۆ نموونە:

- ئاگرکوژێنەوەکان؛
- سۆندەی ئاگرکوژێنەوە؛ یان
- کەرەستەکانی ورياکەرەوەی ئاگرکەوتنەوە.



## هەوڵ مەدە خۆت ئاگرەکە بکوژێنیتەوە

3.9 ئەگەر ئاگرێکت بینییەوە، تکایە نێزیکترن زەنگی وریاکەرەوەی ئاگرکەوتنەوە چالاک بکەوە و ئینجا خێرا لە بیناکە بچۆ دەرەوە.

**هەوڵ مەدە خۆت ئاگرەکە بکوژێنیتەوە**



# بەشی 4

# ڕێکاری سکاڵاکردن

4.1 IPAS ڕێکارێکی سکاڵاکردنی هەیە. ئامانجی ئەوەیە کە بە شێوازێکی خێرا و کارامە لەگەڵ کێشەکان مامەڵە بکرێت.

## کێ دەتوانێت لەم ڕێکاری سکاڵاکردنە کەڵک بگرێت؟

4.2 ئەم ڕێکاری سکاڵاکردنە هەم بۆ تۆ و هەم بەڕێوەبەری سەنتەرەکە کراوەیە. ئەمە واتە:

a) تۆ دەتوانیت سکاڵا بکەیت ئەگەر پێت وایە کە سەنتەرەکە بەرانبەر بە تۆ وەکوو لە "بەشی 1: خزمەتگوزارییەکان"ی ئەم نامێلکەیەدا هاتووە ئەرکەکانی جێبەجێ ناکات؛ هەروەها

b) بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرەی کە تۆ تێیدا نیشتەجێیت دەتوانێت سکاڵا بکات ئەگەر پێی وا بێت کە تۆ بەرانبەر سەنتەرەکە وەکوو لە "بەشی 2: یاسا ناوخۆییەکان"ی ئەم نامێلکەیەدا هاتووە ئەرکەکانت جێبەجێ ناکەیت.

4.3 لە تۆ، دانیشتوو، پاڵپشتی دەکرێت کە ڕێکاری سکاڵاکردن بەکار بێنیت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە سەنتەرەکانی نیشتەجێبوونی IPASـدا دێنە ئاراوە. بۆ نموونە، ئەگەر پێت وایە کە سەنتەرەکە بەرانبەر بە تۆ وەکوو لە "بەشی 1: خزمەتگوزارییەکان"ی نامێلکەی یاسا ناوخۆییەکاندا هاتووە ئەرکەکانی جێبەجێ ناکات، دەبێت لە ڕێکاری سکاڵاکردن کەڵک بگریت. لەو کەیسانەدا وا IPAS لەسەر ئەو بڕوایە بێت کە مەترسییەک لەسەر ئاسایش و پارێزراویی سەنتەرێک خەریکە ڕوو بدات، هێشتا هەر داواکارییەک بەپێی هەنگاوی 4 ڕێگەپێدراو دەبێت، هەرچەند لەوانەیە پێویست بێت IPAS خێرا بڕیار بدات و چالاکی دەست پێ بکات و ئەمەش دەرەنجامی داواکارییەکە دوا بخات.

4.4 کاتێک کە پێویستت بوو سکاڵا بکەیت، ترسی ناوێت.سکاڵا تۆمارکردن کاریگەریی لەسەر داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێونەتەوەیی نابێت.

## کێ مامەڵە لەگەڵ سکاڵاکەدا دەکات؟

4.5 ئەگەر بکرێت و پێویست بێت، سکاڵاکەت دەبێت لەلایەن کەسێکەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە هاورەگەزی خۆت (ژن یان پیاو) بێت.

## سکالاکەم نهێنی دەبێت؟

4.6 هەموو سکاڵاکان بە نهێنی و بە هەستیارییەوە لەلایەن کارمەندانی سەنتەرەکە و IPAS-ەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام هەندێکجار ڕەنگە پێویست بکات لەگەڵ کەسانێکی دیکەش کە پەیوەندیان بە باسەکەوە هەبێت ڕاوێژ بکرێت.

## پێویستە کە سکاڵاکەم بە ئنگلیزی بێت؟

4.7 نا، دەتوانیت سکاڵاکەت بە هەر زمانێک کە بتەوێت تۆمار بکەیت. ئەگەر IPAS پێویستی بێت کە سکاڵاکەت وەربگێڕێت، لەوانەیە پێداچوونەوەکردن بۆی چەند ڕۆژێک زۆرتر بخایەنێت.

## دەتوانم بۆ تۆمارکردنی سکاڵا داوای یارمەتی لە کەسێک بکەم؟

4.8 دانیشتووان دەکرێت بۆ تۆمارکردنی سکاڵا یارمەتی وەربگرن. بۆ نموونە، دەتوانن یارمەتی لە هاوڕێ، خزم، یان ئەندامێکی گرووپێکی هاریکاری و هتد وەربگرن. هەڵبەت، IPAS و بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکە مافی ئەوەیان هەیە کە ڕاستەوخۆ سەبارەت بە سکاڵاکە لەگەڵ دانیشتووەکە گفتوگۆ بکەن.

دانیشتووان چۆن سکاڵا تۆمار بکەن؟

4.9 چاوەڕێ دەکرێت کە زۆربەی سکاڵاکان خێرا و بە نافەرمی چارەسەر بکرێن. هەرچەند، هەندێک جار ئەمە ڕوو نادات و دەبێت قۆناغی دواتر بگیرێتە بەر. سکاڵاکان دەکرێت لە چوار قۆناغدا تۆمار بکرێن:-

نافەرمی - زارەکی (هەنگاوی 1)

فەرمی - بە نامە (هەنگاوی 2)

داواکاری لە IPAS - بە نامە (هەنگاوی 3)

سکاڵا بۆ کۆمیسیاری سکاڵا (ئۆمبودسمان) یان ئۆمبودسمان بۆ منداڵان (هەنگاوی 4)

## هەنگاوی 1

## دەکرێت سکاڵاکەم بە نافەرمی و لە سەنتەری نیشتەجێبوونەکەدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟

4.10 بەڵێ. بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەبێت هەموو هەوڵی خۆی بدات تاکوو خێرا و بە نافەرمی کێشەکەت چارەسەر بکات. ئەگەر دەتەوێت سکاڵایەکی نافەرمی تۆمار بکەیت چونکە پێت وایە سەنتەرەکە بەرانبەر تۆ وەکوو لە "بەشی 1: خزمەتگوزارییەکان"دا هاتووە ئەرکەکانی جێبەجێ ناکات، ئەگەر ئەو خزمەتگوزارییانەت بەدڵ نەبوو کە پێشکەشی دەکەن، دەبێت خێرا بە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە بیڵێیت.



## هەنگاوی 2

## چی دەبێت ئەگەر شێوازی مامەڵەکردنی سەنتەرەکە لەگەڵ سکاڵاکەمم بەدڵ نەبێت؟

ئەگەر قایل نەبوویت بە شێوازی مامەڵەکردنی نافەرمیی بەڕێوەبەری سەنتەرەکە لەگەڵ سکاڵاکەت، دەتوانیت **بە فەرمی و بە نامە** سکاڵایان بۆ بنێریت. لە ماوەی 14 ڕۆژدا وەڵامت دەدەنەوە. نموونەیەک لە فۆرمێکی سکاڵاکردن کە دەتوانیت لە وەها دۆخێکدا کەڵکی لێ بگریت لە **پاشکۆی 1**ـی ئەم نامێلکەیەدایە.



## هەنگاوی 3

## چۆن سکاڵا تۆمار بکەم بۆ IPAS؟

4.12 ئەگەر پاش تێپەڕاندنی ئەو پرۆسەیەی سەرەوە، لەسەر ئەو بڕوایە بوویت کە سەنتەرەکەت وەکوو پێویست مامەڵەی لەگەڵ سکاڵاکەت نەکردووە، دەتوانیت نامە بنێریت بۆ IPAS و پێیان بڵێیت کە سکاڵا ئەسڵییەکەت چی بووە. نموونەیەک لە فۆرمێکی سکاڵاکردن کە دەتوانیت لە ناردنی سکاڵا بۆ IPASدا کەڵکی لێ بگریت لە **پاشکۆی 2**ـی ئەم نامێلکەیەدایە.

تکایە بە ئیمەیل بینێرە بۆ:

**ipasinbox@equality.gov.ie**

یان

ئەم فۆرمە بنێرە بۆ:

**Operations Manager of IPAS at PO Box 11487, Dublin 2.**

ئەگەر ویستت دەتوانیت کۆپییەک لە سکاڵا ڕەسەنەکە و وەڵامی بەڕێوەبەری سەنتەرەکەش هاوپێچ بکەیت.

بەڕێوەبەری چالاکییەکان داوا لە کارمەندێکی گونجاو لە IPAS دەکات تاکوو پێداچوونەوە بۆ سکاڵاکەت بکات. ئەم کارمەندە بۆ وردبوونەوە لە سکاڵاکە لە تۆ و هەر کەسێکی دیکە کە تێکەڵیی لەگەڵ بابەتەکەدا بووبێت پرسیار دەکات.

## دەتوانم ڕاستەوخۆ سکاڵا بنێرم بۆ IPAS؟

4.13 لە دۆخگەلێکی زۆر جیدی و تایبەتدا دەکرێت سکاڵاکەت ڕاستەوخۆ پێشکەشی IPAS بکەیت و خۆ لادەیت لە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە. بۆ نموونە، ئەمەیان لە دۆخێکدا دەکرێت ڕوو بدات کە ئەگەر سەرەتا بەڕێوەبەری سەنتەرەکە پێداچوونەوەی بۆ سکاڵاکەت بکردایە، ببایەتە هۆی زەحمەتبوونی پێداچوونەوەیەکی دادوەرانە بۆ سکاڵاکەت. بەهەرحاڵ، IPAS لەوانەیە سکاڵاکە بنێرێتەوە بۆ بەڕێوەبەری سەنتەری نیشتەجێبوونەکە ئەگەر پێیان وا بێت کە دەبا سەرەتا بە شێوازی ناوخۆیی پێداچوونەوەی بۆ بکرایە.

## هەنگاوی 4 هەناردنی سکاڵا بۆ نووسینگەی کۆمیسیاری سکاڵا (ئۆمبودسمان) یان نووسینگەی ئۆمبودسمان بۆ منداڵان

4.14 ئەگەر بە ئەنجامی سکاڵاکەت بۆ IPAS قایل نەبوویت ئەوسا دەکرێت سکاڵایەک پێشکەشی نووسینگەی کۆمیسیاری سکاڵا (ئۆمبودسمان) یان نووسینگەی ئۆمبودسمان بۆ منداڵان بکەیت، هەر کامەیان کە گونجاو بوو. سکاڵاکان تەنیا بە مەرجێک لەلایەن ئەم نووسینگانەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت کە ئێستاکە شوێنی پرۆسەی فەرمیی سکاڵاکانت گرتبێت کە تێیدا پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا سکاڵا پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکەت بکەیت و ئەوسا ئەگەر بە دەرەنجامەکەی قایل نەبوویت سکاڵایەکی فەرمی پێشکەشی IPAS بکەیت. نووسینگەی ئۆمبودسمان یان نووسینگەی ئۆمبودسمان بۆ منداڵان پێداچوونەوە بۆ سکاڵاکانت سەبارەت بە شوێنی حەوانەوەکەت و ئەو خزمەتگوزارییانەی دیکە دەکات کە لە ماوەی نیشتەجێبوونت لە شوێنی حەوانەوەیەی دابینکراو لەلایەن حکوومەتەوە پێشکەشت دەکرێن. ئەم نووسینگانە ئیشیان بەسەر ئەو بابەتانەوە نییە کە پەیوەندی بە داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێونەتەوەییەوە هەبێت.

4.15 چۆن سکاڵایەک تۆمار بکەیت:

سەردانی www.ombudsman.ie بکە یان لەسەر ئەم لینکە کرتە بکە
ئۆمبودسمان_ سکاڵایەک تۆمار بکە

یان
سکاڵاکانی سەبارەت بە سیستەمی پێشوازیی سەرەتایی:

ئۆمبودسمان و سیستەمی کامپی پەنابەران (Direct Provision)

## شێوازی سکاڵاکردنی بەڕێوەبەری سەنتەرێک لە دانیشتوویەک چۆنە؟

**4.16**چاوەڕێ دەکرێت کە سکاڵای بەڕێوەبەران خێرا و بە شێوازێکی نافەرمی چارەسەر بکرێن. هەندێک جار ئەوەیان ڕوو نادات و لەوانەیە هەنگاوی دواتر پێویست بێت. سکاڵاکان دەکرێت لە سێ قۆناغدا تۆمار بکرێن:

نافەرمی - زارەکی (هەنگاوی 1)
فەرمی - بە نامە (هەنگاوی 2)
هەناردن بۆ IPAS (هەنگاوی 3)

### هەنگاوی 1

### بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەتوانێت بە شێوازێکی نافەرمی پێداچوونەوە بۆ سکاڵایەکی دژ بە دانیشتوویەک بکات؟

4.17 کاتێک سکاڵایەک هەبێت کە یاسا ناوخۆییەکان لەلایەن دانیشتوویەکەوە پێشێل کراوە و پێشێلکارییەکە وەکوو جۆرێکی سووک بێتە ئەژمار، بەڕێوەبەرەکە ئەو دانیشتووە لە بابەتەکە ئاگادار دەکاتەوە و هەوڵ دەدات خێرا و بە نافەرمی کێشەکە چارەسەر بکات.

### هەنگاوی 2

### چ کاتێک سەنتەرێک سکاڵایەکی فەرمی تۆمار دەکات؟

4.18 ئەگەر سکاڵایەک هەبێت لەوەی کە دانیشتوویەک پێشێلکارییەکی قورسی یاسا ناوخۆییەکانی کردووە، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە:

- لە سکاڵاکە دەکۆڵێتەوە و



- بۆچوونی ئەو دانیشتوانە وەردەگرێت کە تێکەڵییان لەگەڵ بابەتەکەدا هەبووە.

ئەگەر بەڕێوەبەرەکە پێی وا بێت کە دانیشتوویەک پێشێلکارییەکی قورسی یاساکانی کردووە، بە نووسین ئاگادارییەکی دەداتێ و تێیدا باسی دەکات کە یاساکە چۆن پێشێل کراوە و ئەمانیش چ ڕێکارێک دەگرنە بەر. دانیشتووەکە هەروەها ئاگادار دەکرێتەوە لەو ڕێکارانەی کە لەوانەیە لەلایەن بەڕێوەبەر یان IPAS ـەوە بگیرێنە بەر ئەگەر پێشێلکارییەکی دیکە ڕوو بدات.

## چی ڕوو دەدات ئەگەر سکاڵایەک تێکەڵی بە منداڵانەوە هەبێت؟

4.19 ئەگەر هەر چەشنە نیگەرانی یان کێشەیەکی پەیوەندیدار بە منداڵانەوە (هەموو کەسێکی خوار 18 ساڵ) هەبێت، سەنتەرەکە TUSLA و IPAS ئاگادار دەکاتەوە.

## هەنگاوی 3

## چی دەبێت ئەگەر کەسێک کە پێشتر ئاگاداری پێ دراوە، دیسان یاساکان پێشێل بکات؟

4.20 ئەگەر کەسێک پێشتر ئاگاداری پێ درابێت سەبارەت بە پێشێلکردنی یاسا ناوخۆییەکان و سکاڵایەک تۆمار کرابێت کە دیسان یاساکانی پێشێل کردووە، بەڕێوەبەر نامە دەنێرێت بۆ IPAS و ئاگاداریان دەکاتەوە. لە زۆربەی دۆخەکاندا کۆپییەک لەو نامەیەی دەنێردرێت بۆ IPAS دەدرێتە دانیشتووەکە، مەگەر ئەوەی کە نامەکە هەندێک زانیاری لە خۆ گرتبێت کە پێویست بێت، بۆ پاراستنی شووناسی کەسێکی دیکە، بە نهێنی بمێنێتەوە.IPAS بۆچوونی دانیشتووەکە سەبارەت بە ناوەڕۆکی نامەی بەڕێوەبەرەکە وەردەگرێت و ئینجا بڕیار دەدات کە چ ڕێکارێک بگیرێتە بەر.IPAS لەگەڵ وەڵامدانەوەی سکاڵاکە، نامە بۆ دانیشتووەکەش دەنێرێت.

بەپێی دەستوورەکان، دانیشتووان دەبێت گوێڕایەڵی یاسا ناوخۆییەکان بن. ئەگەر پێشێلکارییەکی جیدیی یاسا ناوخۆییەکان ڕووی دابێت، وەزیر دەتوانێت لە ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی (شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی) کەم بکاتەوە یان ڕایبگرێت یان دیسان دەستنیشانی بکاتەوە (بیگوازێتەوە) بۆ سەنتەرێکی دیکە.

ئەگەر دانیشتووەکە دیسان یاسا ناوخۆییەکان پێشێل بکات، IPAS ئاگاداری پێ دەدات کە پێشێلکارییەکی دیکە دەکرێت ببێتە هۆی کەمکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی شوێنی حەوانەوەکەی یان گواستنەوەی بۆ شوێنێکی حەوانەوەی جێگرەوە. ئەگەر ئەمەیان ڕوو بدات، وەزیری منداڵان، یەکسانی، کەمئەندامان، پێکەوەژیان و لاوان کامپێکی جێگرەوە دەستنیشان دەکات کە تێیدا ڕەوشە مادديیەکانی پێشوازی سەرەتایی دابین دەکرێت.

IPAS کۆپییەک لە زانیارییەکان کە دەستی کەوتووە دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەریی سەنتەرەکە.

## چی دەبێت ئەگەر وەزیری منداڵان، یەکسانی، کەمئەندامان، پێکەوەژیان و لاوان بڕیاری دیسان-دەستنیشانکردنەوەی (گواستنەوەی) دانیشتوویەک بدات؟

4.21 وەزیر بەپێی دەستووری 7 لە دەستوورەکان شوێنی حەوانەوە دەستنیشان دەکات. گواستنەوەی کامپ دەکرێت بە زۆر هۆکار ئەنجام بدرێت بریتی لە پارمەتیدانی چاک ئیشکردنی سیستەمی پێشوازیی سەرەتایی.IPAS نامە دەنێرێت بۆ دانیشتووەکە و ئاگاداری دەکاتەوە و کۆپییەکیش لەم نامەیە دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەری سەنتەرەکە. ئەم نامانە لە ڕێگای ئیمەیل و لە ڕێگای پۆستەوە دەنێردرێن.

4.22 IPAS ئەم ڕێکخستنانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:

- شوێنێکی جێگرەوەی گونجاو دەدۆزێتەوە کە دانیشتووەکەی بۆ بگوازرێتەوە
- پەیوەندی دەکات بە کاربەدەستی پەیوەندیدار لە خزمەتگوزاریی یاریدەدەریی کۆمەڵ بۆ دابینکردنی کارتێکی گەشتکردن و گواستنەوەی مافەکانی وەرگرتنی یارمەتیی کۆمەڵایەتی؛ هەروەها
- ئیمەیل دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەری ئەو سەنتەری نیشتەجێبوونەی کە دانیشتووەکە دەگوازرێتەوە بۆی و سەبارەت بە کاتی گەیشتنەبەرەوەی و هۆکاری گواستنەوەکەی زانیاریان دەداتێ.

## گۆڕینی ناونیشان

4.23 بە گوێرەی دەستووری 7 لە دەستوورەکان، وەزیری منداڵان، یەکسانی، کەمئەندامان، پێکەوەژیان و لاوان دەتوانێت لە ڕێگای IPASـەوە سەنتەرێکی دیکەت بۆ دەستنیشان بکات. ئەگەر گواستراتیەوە دەبێت کاربەدەستە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکەیتەوە کە ناونیشانەکەت گۆڕاوە (بەشی 2.18 ببینە). فۆرمەکانی گۆڕینی-ناونیشان لە سەنتەرەکەتدا بەردەستن.

## IPAS دەتوانێت شوێنی حەوانەوە بۆ دانیشتوویەک بەتەواوی هەڵبوەشێنێتەوە؟

4.24 بە گوێرەی دەستووری 6 لە دەستووری کۆمەڵە ئەوروو‌پییەکان (ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی) لە دۆخی زۆر جیدی و تایبەتدا، وەزیری منداڵان، یەکسانی، کەمئەندامان، پێکەوەژیان و لاوان بۆ پاراستنی ئاسوودەگی و ئاسایش و بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتووی کامپەکانی پەنابەران، دەتوانێت خێرا و بەبێ ئاگادارکردنەوە:

- خزمەتگوزارییەکان بۆ دانیشتوویەک ڕابگرێت، کە دەکرێت بە مانای دەرکرانی لە هەموو سیستەمی پێشوازیی سەرەتایی بێت.

4.25 بەگشتی، ئەم ڕێکارانە تەنیا لە هەندێک کەیسی تایبەتدا دەکرێت جێبەجێ بکرێن، لە دۆخێکدا کە هیچ ڕێکارێکی دیکە نەکرێت لەلایەن وەزیر و لە ڕێگای کاربەدەستێکی ئاستی باڵا لە IPASـەوە بگیرێتە بەر و ئاراستە بکرێت.

4.26 ئەگەر بڕیارێک بدرێت بۆ ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان، بە گوێرەی دەستووری 6 لە دەستوورەکان دەبێت. وەزیر نامە دەنێرێت بۆ ئەو کەسە و هۆکارەکانی ئەم بڕیارەی بۆ دەنووسێت. ئەگەر بڕیارێکی ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی شوێنی حەوانەوەت بەدڵ نییە، دەتوانیت داوای پێداچوونەوەیەک بۆ بڕیارەکە بکەیت. زانیارییەکان سەبارەت بەوەی کە چۆن داوای پێداچوونەوە بکەیت لە لاپەڕەی 44دایە.

## IPAS گاردا شیۆهانا ئاگادار دەکاتەوە

4.27 ئەگەر سەرپێچییەک کرابێت و بووبێتە هۆی ڕاگرتنی خزمەتگوزاریی شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان، IPAS خێرا نامە دەنێرێت بۆ ئان گاردا شیۆهانا (پۆلیسی ئیرلاند) و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە پەیوەندیدارەکان و ئاگاداریان دەکاتەوە.

## پێداچوونەوەی هەندێک لە بڕیارەکان بە گوێرەی ئەم دەستوورەیە:

## دەستوورەکانی کۆمەڵە ئەورووپییەکان (ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی)ـی 2018

4.28 هەندێک نموونە هەیە کە داواکار دەتوانێت داوای پێداچوونەوە بکات بۆ بڕیارێک کە بە دڵی نییە. ئەم نموونانە لە دەستووری 20ـی دەستوورەکانی سەرەوەدا لە خشتەیەکدا تۆمار کراون.

- بە گوێرەی دەستووری 4، ئەوەی کە کەسێک بەری وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکانی شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیدار ناکەوێت.
- بە گوێرەی دەستووری (2) 5 ، بەشێک لە تێچووی شوێنی حەوانەوەکەی بدات.
- بە گوێرەی دەستووری (3) 5، کاتێک کە وەزیری منداڵان، یەکسانی، کەمئەندامان، پێکەوەژیان و لاوان لە ڕێگای IPASـەوە داوا دەکات کە پارەی تێچووی شوێنی حەوانەوەکەی بداتەوە.
- بە گوێرەی دەستووری (1) 6، کاتێک کە وەزیری منداڵان، یەکسانی، کەمئەندامان، پێکەوەژیان و لاوان لە ڕێگای IPASـەوە خزمەتگوزاریی شوێنی حەوانەوە ڕادەگرێت.
- بە گوێرەی دەستووری 11، ڕێگەپێدان یان نوێکردنەوەی مۆڵەتێکی دەستگەیشتن بە بازاڕی کار ڕەت بکاتەوە یان
- بە گوێرەی دەستووری (1) 12، مۆڵەتێکی دەستگەیشتن بە بازاڕی کار هەڵبوەشێنێتەوە.

داواکار دەبێت لە ماوەی 10 ڕۆژ لەپاش ڕۆژی دەرکرانی نامەی بڕیارەکەوە، داوای پێداچوونەوە بکات. ئەگەر داواکاریی بۆ پێداچوونەوەکە پەیوەندی هەیە بە دەستوورەکانی 5 ،4 یان 6 لە سەرەوە، تکایە ئیمەیل بنێرە بۆ

**ئیمەیل:** Ipasinbox@equality.gov.ie

لە بەشی بابەت (subject)دا ئەمە بنووسە: **FAO Review Officer**

یان نامە بنێرە بۆ:

The Review Officer, IPAS, PO Box 11487, Dublin 2.

ئەگەر داواکاریی بۆ پێداچوونەوەکە پەیوەندی هەیە بە دەستگەیشتن بە بازاڕی کار، دەستوورەکانی 11 یان 12،

**تکایە ئیمەیل بنێرە بۆ** **Imauqueries@justice.ie** و لە بەشی بابەت (subject)دا ئەمە بنووسە: **FAO Review officer**

یان نامە بنێرە بۆ:

The Review Officer, Access Unit, PO Box 12931, Freepost FDN5264, Dublin 2.

**پاشان چی دەبێت؟**

کاتێک فەرمانبەرێکی پێداچوونەوە بڕیاری خۆی بدات، بە نامە ئاگادار دەکرێیتەوە. ئەگەر ئێستاش بڕیارەکەت بە دڵ نییە دەتوانیت داوای تێهەڵچوونەوەیەک بۆ بڕیارە پێداچوونەوەکراوەکە بنێریت بۆ دادگای تێهەڵچوونەوەی پاراستنی نێونەتەوەیی (IPAT) ئەمە بە گوێرەی دەستووری 21ـی دەستوورەکان دەبێت و پێویستە بە نامە و لەنێو ئەو فۆڕمەدا بکرێت کە لە پلانی 7ـی دەستوورەکانـدایە (لە پاشکۆی 3دا هاوپێچ کراوە).

کۆپییەکی تەواو لە دەستوورەکان و پلانەکان لە ئەم لینکەدا بەردەستن: IrishStatuteBook

یان سەردانی ئێرە بکە:

http://www.irishstatutebook.ie/eli/2018/si/230/made/en/pdf

پاشکۆی 1

**نموونەی فۆڕمی سکاڵا**

**فۆڕمی سکاڵای فەرمی لە دانیشتووەوە بۆ بەڕێوەبەری سەنتەر**

سەنتەرەکەت:

______________________________________________

ناوی خۆت:

______________________________________________

ژمارەی ناسنامە (ID): ______________________________

وردەکاری سکاڵاکە: ______________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

تا ئێستا بە نافەرمی (زارەکی) باسی سکاڵاکەت بۆ بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکە کردووە:
بەڵێ/نا ___

ئەگەر نا، بۆچی؟

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

______________________________________________

ئەگەر ئا، دەرەنجامەکەی چی بوو؟

____________________________________________________________

____________________________________________________________

____________________________________________________________

____________________________________________________________

____________________________________________________________

____________________________________________________________

واژۆ ____________________

ڕێکەوت: ____________________

# پاشکۆی 2

**نموونەی فۆڕمی سکاڵا**

**فۆڕمی سکاڵای فەرمی لە دانیشتووەوە بۆ IPAS**

سەنتەرەکەت: ____________________

ناوی خۆت: ____________________

ژمارەی ناسنامە (ID): ____________________

وردەکاری سکاڵاکە: ____________________

____________________

____________________

____________________

____________________

____________________

____________________

تا ئێستا بە فەرمی (بە نامە) سکاڵات ناردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکە؟ بەڵێ/نا

ئەگەر نا، بۆچی؟

____________________

____________________

____________________

____________________

____________________

____________________

ئەگەر ئا، دەرەنجامەکەی چی بوو؟

________________________________________

________________________________________

________________________________________

________________________________________

________________________________________

________________________________________

بۆچی لە IPAS داوای تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیاری بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەکەیت؟

________________________________________

________________________________________

________________________________________

________________________________________

واژۆ ____________________

ڕێکەوت: ____________________

# پاشکۆی 3

پلانی 7

دەستوورەکانی کۆمەڵە ئەورووپییەکان (ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی)ـی 2018
دادگای تێهەڵچوونەوەی پاراستنی نێونەتەوەیی

ئاگادارینامەی تێهەڵچوونەوە

بۆ بڕیارێکی ڕەتکردنەوەی پەسەندکردن، بۆ ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی
هەندێک ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی

**بەشی 1جۆری تێهەڵچوونەوە**

**1.1 تکایە ئەوەیان کە گونجاوە دەستنیشان بکە**

☐ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارێک بەپێی دەستووری 11 بۆ ڕەتکردنەوەی پەسەندکردن یان نوێکردنەوەی مۆڵەتێکی دەستگەیشتن بە بازاڕی کار.

☐ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارێک بەپێی دەستووری 12 بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتێکی دەستگەیشتن بە بازاڕی کار.

☐ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارێک کە تۆ بەپێی دەستووری (1) 4 بەری وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیدار بە ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی ناکەویت.

☐ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارێک کە تۆ بەپێی دەستووری (1) 4 بەری وەرگرتنی مووچەی خەرجیی ڕۆژانە ناکەویت.

☐ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارێکی کەمکردنەوەی بڕی مووچەی خەرجیی ڕۆژانە بەپێی دەستووری 5 1)).

☐ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارێک بەپێی دەستووری (2) 5 کە تۆ دەبێت بەشێک لە پارەی تێچووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیدار بە ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی بدەیت.

☐ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارێک بەپێی دەستووری (3) 5 کە هەموو یان بەشێک لە پارەی تێچووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیدار بە ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی بدەیتەوە.

☐ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارێک بەپێی دەستووری (6) 5 بۆ داخوازیی دانەوەی پارەی هەموو یان بەشێک لە مووچەی خەرجیی ڕۆژانە، یان ئەو مووچەیەی کە زۆرتر لە پێویست بووە.

☐ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارێک بەپێی دەستووری (1) 6 بۆ کەمکردنەوە یان ڕاگرتنی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیدار بە ڕەوشی پێشوازیی سەرەتایی.

☐ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارێک بەپێی دەستووری (2) 6 بۆ کەمکردنەوە یان ڕاگرتنی مووچەی خەرجیی ڕۆژانە.

سەرنج: بەس کاتێک دەبێت داوای تێهەڵچوونەوە بۆ دادگای تێهەڵچوونەوەی پاراستنی نێونەتەوەیی بنێریت کە هەموو قۆناغە سەرەتاییەکانی دیکەت بەکار هێنابێت کە بۆ پێداچوونەوە بەردەستن.

**بەشی 2 : زانیارییەکانی داواکار**

2.1 ژمارەی ناسنامە (ئای-دی): ..............................................................

2.2 ناوی تەواو: ..............................................................................

2.3 هەر ناوێکی دیکە کە بەکاری دێنیت: ...........................................................

2.4 ڕێکەوتی لەدایکبوون: ...................................................................

2.5 ناونیشان:

..............................................................

..............................................................

2.6 ژمارە تەلەفۆن (ئەگەر هەتە): ..................................................

2.7 نەتەوە: ..................................................................................

2.8 زانیارییەکانی پشتبەستووان

| ژمارەی ناسنامە (ئای-دی) | خزمایەتی لەگەڵ داواکار | نێر یان مێ | ڕێکەوتی لەدایکبوون | ناو |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |

**بەشی 3. نوێنەری یاسایی:**

**3.1** نوێنەری یاساییت هەیە؟ بەڵێ / نا (*نەوەیان وا وەڵام نییە بسڕەوە*)

**3.2** ناوی نوێنەرە یاساییەکەت: **..........**

**3.3 ناونیشانەکەی:**

............................................................................................

............................................................................................

**3.4 ژمارە تەلەفۆنەکەی:** .................................................................

**3.5 ناونیشانی ئیمەیلەکەی:** .................................................................

*سەرنج: ئەگەر لە قۆناغێکی دواتردا نوێنەرێکی یاسایی بەکار بێنیت، دەبێت خێرا دادگا لەم بابەتە ئاگادار بکەیتەوە و زانیارییە پەیوەندیدارەکان پێشکەشی دادگا بکەیت.*

**بەشی 4. بنەماکانی تێهەڵچوونەوە:**

4.1 هەموو قۆناغە سەرەتاییەکانم بەکار هێناوە کە بۆ پێداچوونەوە یان تێهەڵچوونەوە بەردەستن بەڵێ / نا (*ئەوەیان وا وەڵام نییە بسڕەوە*)

**4.2** تکایە ڕێک و ڕوون بنەماکانی داواکارییەکەت بۆ تێهەڵچوونەوە باس بکە. ئەگەر پێویست بوو دەتوانیت لاپەڕەی دیکەش بەکار بێنیت.

بنەمای 1

......................................................................................................................................
......................................................................................................................................

بنەمای 2

......................................................................................................................................
......................................................................................................................................

بنەمای 3

......................................................................................................................................
......................................................................................................................................

**بەشی 5: بەڵگەکان**

**5.1** تکایە هەموو ئەو بەڵگانەی کە بۆ یەکەم قۆناغی داواکارییەکەت بۆ پێداچوونەوە ڕادەستت کردوون لە خوارەوە بنووسە.

بەڵگەی 1: ......................................................................................................
بەڵگەی 2: ......................................................................................................
بەڵگەی 3: ......................................................................................................

**5.2** بەڵگەی زۆرتر تاکوو لە داواکارییەکەت بۆ تێهەڵچوونەوەدا بەرچاو بگیرێت

بەڵگەی 1: ......................................................................................................
بەڵگەی 2: ......................................................................................................
بەڵگەی 3: ......................................................................................................

*سەرنج: (1) ئەگەر شوێنی زۆرتر بۆ نووسین پێویستە، بەڵگەکان دەبێت لەسەر لاپەڕەیەکی دیکەدا لیست بکرێت.*

*(2) ئەو بەڵگانەی لە سەرەوە لیست کراون دەبێت لەگەڵ ئەم فۆرمەدا بن. تکایە با کۆپییەک لە بڕیاری پێداچوونەوە سەرەتاییەکانیشی لەگەڵ بێت.*

**بەشی 6: پەیوەندییەکان لەگەڵ دادگا:**

**6.1 هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ دادگادا دەبێت لە ڕێگای پۆستی فەرمییەوە بنێردرێت بۆ ناونیشانی:**

**International Protection Appeals Tribunal, 6/7 Hanover Street East, Dublin 2.**

دادگا ڕەسیدێکت دەداتێ کە دەبێت وەکوو بەڵگەیەک بۆ گەیشتنی نامەکەت هەڵیبگریت.

**بەشی 7: ڕێگەپێدان و پشتڕاستکردنەوە لەلایەن داواکارەوە**

**7.1** پشتڕاستی دەکەمەوە کە وەڵامەکانی نێو ئەم فۆڕمە ڕاست و درووستن.

**7.2** ڕێگە بە نوێنەرە یاساییەکەم دەدەم، هەرکات گونجاو بێت، سەبارەت بە هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بە دادگا لە جیاتی من بڕیاردەر بێت و هەموو نامەگۆڕینەوە و بەڵگەیەکی سەبارەت بە داوای تێهەڵچوونەوەکەم وەربگرێت.

**واژۆ داواکار**

**ڕێکەوت: .... / .... / ....**

## پەسەندکردن و خاوەندارێتی بەڵگەکان

| ڕیفرەنسی بەڵگە ئەلیکترۆنییەکان | |
|---|---|
| | |

| ڕێکەوت | ئاست و پەکە | ناو | |
|---|---|---|---|
| 30/1/23 | HEO IPAS | Antoinette Kerley | ئامادەکراو لەلایەن |
| | | | پێداچوونەوە لەلایەن |
| | | | پێداچوونەوە لەلایەن |
| | | | پێداچوونەوە |
| | | | پەسەندکراو لەلایەن |

| ڕێکەوتی پێداچوونەوەی داێ | ڕێکەوتی دەرکردن |
|---|---|
| | |

## خشتەی تۆمارکردنی گۆڕینی بەڵگەکان

| ڕێکەوتی کەوتنەگەڕ | پەسەندکراو لەلایەن | شرۆڤەی دەستکاری | ژمارەی لاپەڕە | ژمارەی وەشان |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |

## بەڵگە پەیوەندیدارەکان

| ڕیفرەنسی بەڵگە ئەلیکترۆنییەکان | سەردێری بەڵگەکە |
|---|---|
| | |
| | |
| | |

## خشتەی بابەتەکان

**هیچ خشتەیەک نەدۆزرایەوە.**